# سەگ

چیرۆکی

● یاسین رفاعیة ●

وەرگێرانی

● خەبات ئەحمەد ●

عەلی هەموو رۆژێ گەڕەکە کۆنەکەی خۆیانی جێ ئەهێشت و لە شەقامە تازەکەی نزیك خۆیاندا پیاسەی ئەکرد کە ئەم بەرو ئەو بەری بە کۆشك رازابۆوە . عەلی لێرەدا جۆرە هەوایەکی دیکە هەڵئەمژێ ، جۆرە خەڵکێك ئەبینێ کە زۆر جیاوازە لەو خەڵکانەی لە گەڕەکەکەی خۆیاندا ئەیانبینێ ، هەموو پاك و خاوێنن ، جل و بەرگی قەشەنگ لەبەر ئەکەن ، لەبەردەم کۆشکەکانیاندا ئۆتۆمۆبیلی هەمە چەشن وەستاون .

رۆژێکیان ، عەلی لەبەر دەرگایەکی گەورەی ئاسنین ا راوە، ستا ، لە توێی شیشەکانیەوە ئەیڕوانییە کۆشکەکە ، ئەو کۆش،کەی کەوتۆتە نێوان باخچەیەکی پڕ لە گوڵی جۆراو جۆر ، جگە لە چەند ئاوزێڵێکی بچووك لەم لاو لەولا کە ئاوەکەی لە چە،د کۆلو بیرێکی مسینەوە هەڵئەقوڵا ، چەترێکی گەورەی رەنگاورەنگ لای راستی کۆشکەکەوە کە ئەندامانی خێزانەکەی لەژێردا دائەنیشتن : کابرایەکی بەساڵاچوو رۆژنامە ئەخوێنێتەوە ، ژنێك خوری ئەچنێ ، کچێکی گەنج کتێب ئەخوێنێتەوە ، لەولایشەوە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کۆمەڵە سەگێك دەوریان لێداوە .

عەلی زۆر تەماشای ئەم شوێنە ئەفسوناوییەی ئەکرد ، هەتا کوڕەکە بەدیی کرد ، سەگەکانی جێهێشت و هێدی هێدی لە دەرگاکە نزیك بۆوە تارێك کەوتە بەرامبەر عەلی ، عەلی تەماشایەکی کرد بینی چەند پاك و خاوێنە ، پرچە زەردەکەی زۆر بەجوانی رێکخراوە . عەلی ویستی بڕوا ، بەڵام ئەو بە پرسیارێك رایگرت :

- حەزت لە باخچەکەمان هەیە ؟

عەلی ووتی :

- زۆر جوانە .
- ئێوە باخچەتان هەیە ؟
- ناوەڵا نیمانە .
- ئەی سەگتان هەیە ؟
- نەء نیمانە .
- ئەی قەمەرە ؟
- ناوەڵا ئەویش .

عەلی ئەبینێ کوڕەکە گەشکە ئەیگرێ و ئەڵێ :

- ئەمە باخچەکەمانە .

ئەوجا کولانەی سەگەکانی پێ نیشان داو ووتی :

- ئەوەیش سەگەکانمان

پاشان دەستی بۆ ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیان راکێشاو وتی :

- ئەوەیش سەیارەکەمانە .

عەلی ووتی :

- ژیانێکی خۆشتان هەیە .

دیسان ویستی بڕوات ، بەڵام کوڕەکە پێی گووت :

- وەرە .. سەیری سەگەکان بکە .

عەلی پێی ناخۆش نەبوو ، کوڕەکە کەلێنێکی لە دەرگاکە کردەوەو دەستی عەلیی گرت و هێنایە ژوورێ .

کوڕەکە گووتی :

- ناوت چی‌یە ؟
- عەلی .. ئەی توو ؟
- زیاد .

کوڕەکە گووتی :

- باباوکم نەمانبینێ ، بچینە پشت ئەو دیوارەوە .

عەلی گووتی :

- بۆچی ؟
- چونکە باوکم منالی چلکنی خۆش ناوێ .

عەلی ترسا ، ویستی هەڵێو بگەڕێتەوە ، بەلام زیاد دەستی گرت‌و توند بەخۆیەوەی گرێ‌دا . گەیشتنە شوێنی سەگەکان ، چوار سەگ بوون ، هەریەکەیان بەچەشن‌و رەنگێ . لە ناوەندی باخچەکەشدا کەوێلێکی دارینی بزورگ هەبوو ، زیاد دەستی درێژ کردو گووتی :

- ئەوەش کولانەکەیانە .

عەلی ویستی دەست‌بەسەر سەگێکیاندا بهێنێ . بەلام ئەو لەجێی خۆی راپەڕی‌و بەتوندی دەستی بەوەڕین کرد . عەلی ترساو چەند هەنگاوێ بەرەو پاش کشا . بەلام زیاد پێکەنی‌و رووی لە سەگەکە کرد : هوس . ئەوە هاوڕێمە . سەگەکەیش لەسەر دووقاچی پشتەوەی دانیشت‌و بەسەرنجێکی درندانەوە ئەیڕوانی‌یە عەلی‌و خێسەی لێ ئەکرد . عەلی تەماشای سەگەکانی ئەکرد ، کابرایەکی بە سالاچوو بەرۆیەکی سپی لە پێشەوەی پانتۆلەکەیەوە بەستبوو ، هات‌و پەتی ملی سەگەکان کەبەزەوی‌یەوە بەسترابوون کردیەوە . زیاد پێی گووت :

- مام جەمیل بۆکوێیان ئەبەی ؟
- کاتی نان خواردنە .

زیاد بەعەلی‌ی گووت :

- وەرە .. سێریان کە چۆن نان ئەخۆن .

بە دوای سەگەکانەوە رۆی ، عەلیش بەدوایەوە .

پیاوەکە چووە ژوورێکی لاتەنیشتەوە ، سەگەکانیش بە مڕە مڕەوە وەدووی کەوتن ، کەڤ سپیش بەدەم‌و لیوێیانەوە بوو .

پیاوەکە شوشەبەندێکی مسینی لە زەویەکە دانا ، شوشەبەندێکی دیکەش کە شیری تیابوو ، یەکێکی دیش ئاوی تیابوو ، شوشەیەکی دیکەشی دەرهێنا چەند پارچە گۆشتێکی گەورە گەورەی تیابوو ، پارچەیەکی فرێ‌دایە ناو شووشەبەندە مسینەکەوە سەگەکان بە هەلەداوان بۆی چوون .

عەلی گووتی :

- ئەوە چی‌یە ؟

زیاد گووتی :

- گۆشتی مەڕە .

عەلی وای هەست کرد کەشتێك رووی‌دا ، چوار قاچی لێ‌پەیدابوو . ئەیویست قسە بکات بەلام دەنگی بەوەڕین ئەچوو ، زۆری برسی‌بوو ، بەتاو بەرەو شوشە بەندە مسینەکە چوو تا ئەویش لە تەك سەگەکانی دیکەدا شتێکی بەرکەوێ . بەلام سەگەکان هەستیان کرد کەوا سەگێکی نامۆ خۆی خزانۆتە نێویانەوە ، هاتن بەگژیدا ، سەگە نامۆکەش هەلات‌و چووە دەرەوە ، سەگەکانیش بەدوایەوە تا لە باخچەکەیش وەدەریان نا .

عەلی لە ترساندا هەڵئەلەرزی ، شەقامەکەی جێ‌هێشت نەیزانی بەرەو کوێ ئەڕوا ، ئەیویست ئەو رێگایەی بۆ مالی خۆیانی ئەبات بدۆزێتەوە ، بەلام بێ‌هوودە بوو ، چونکە ئەو هەموو رێگاکانی بیرچو بووە .

---

* لە کۆمەلە چیرۆکی (العصافیر ـ یاسین رفاعیة) .